# وانەی ٦٧: دەبێ لەدایک ببنەوە!

یۆحەنا ٣

لە دیراسەتمان لە ئینجیلی پیرۆز، بینیمان کە عیسای مەسیح تاك بوو لە لەدایك بوونی و خەسلەتی و ئیشەکانی. ولە وانەی رابردووماندا، زانیمان کە عیسا لە فێرکردنەکانیشی تاك بوو. هەرگیز کەس وەك ئەو ووشەی روو و بنچینەیی نەفەرمووە. ئەوانی گوێیان لێی دەگرد سەریان سوڕمابوو، لەبەر ئەوەی بە دەسەڵاتەوە فێری دەکردن کەوا پیاوە ئایینیەکانیان و مالمەکانیان نەیانبوو. چەن ووشەیەکی زاری عیسا زۆر بە هایەکی مەزنتری هەبوو لە سەدەها ووشەی پیاوە ئایینیەکانیان. و لەبەر ئەمە، زۆربەی مالمەکان خۆش حاڵ نەبوون بە عیسا. فێرکارییەکانی ئەو نەك تەنها دژ بە داپ و نەریتیان بوو بەڵکو دووڕوویی ئەوانیشی بەدەر خست لە پێش هەمووان!

لە وانەی ڕابردوو گوێمان لە ووتارەکەی عیسا بوو کەوا لەسەر چیایەك فێرکاری دەکرد لەگەڵ قوتابییەکانی. ووتارەکەی دەکرێ بەسێ ووشە کورت بکرێتەوە. ئەو سێ ووشەیەش ئەمانەن: (وەك دووڕووان مەبن!) دووڕوویی دژ بە خودایە و مایەی وێرانییە بۆ مرۆڤ. لەبەر ئەوە عیسا بە خەڵکانی فەرموو، (وەك دووڕووان مەبن!) . خۆتان دەزانن دووڕوویی مانای چیە. ئەگەر یەکێك وا پشان بدات خەسلەتێکی هەیە و ئەو خەسلەتە لەگەڵ دڵی نەگونجێ، ئەوا ئەو کەسە دووڕووە. عیسا فەرمووی کە دووڕوو وەك گۆڕێگی سپی شۆراو وایە، لە دەرەوە جوانە بەڵام پڕە لە پیسی لە ناوەوە (مەتا ٢٣: ٢٧)

کەس ناتوانێ خودا هەڵخەڵەتێنێ. ووشەی خودا دەفەرموێ: هەموو شتێک ڕووت و ئاشکرایە بۆ چاوی ئەوەی هەژماردی دەدەینێ. (عیبرانیەکان ٤: ١٣) عیسا، کەوا شارەزای دڵی مرۆڤ بوو، ئەو دوو ڕووییەی بینی کە لە پیاوە ئایینیەکان و فەریسیەکان و مالمەکاندا بوو. ئەوان بە ڕووخسار بە پەرۆشی سەرقاڵی نوێژ و ڕۆژوگرتن و زەکات دان بوون، بەڵام لە دڵیاندا خودا و ووشەی خودایان بە دڵ خۆش نەیانویست. لە دەرئەنجامدا، هەموو کردەوە ڕاستودرووستەکانیان و ڕێوڕەسمەکانیان بێ بەها بوون. بۆیە عیسا قوتابییەکانی فێرکرد و فەرمووی: (کاتێ نوێژ دەکەن وەک دووڕووان مەبن، ئەوان حەزدەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی شەقامەکان نوێژ بکەن، تاکو بۆ خەڵک دیار بن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.) (مەتا ٦: ٥) (بۆیە کاتێ خێرێک دەکەیت، لەپێش خۆت زوڕنا لێمەدە وەک دووڕووان کە لە کەنیشت و سەر شەقامەکان دەیکەن، تاکو لەلایەن خەڵک ستایش بکرێن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.) (مەتا ٦: ٢) (کاتێ بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەک دووڕووان، چونکە ڕوویان دەگۆڕن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.) (مەتا ٦: ١٦)

(وەک دووڕووان مەبن، ئیتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مالم و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمان.) (مەتا ٦: ٥ و ٥: ٢٠) (خۆزگە دەخوازرێ بە ڕۆح هەژاران، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە. خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن. خۆزگە دەخوازرێ بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن. بۆیە ئێوە تەواو بن، وەک باوکی ئاسمانیتان تەواوە.) مەتا ٥: ٣، ٦، ٨، ٤٨)

(لە دەرگای تەسک بڕۆنە ژوورەوە، چونکە دەرگایەکی بەرین و ڕێگایەکی پانە ئەوەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات، زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە. بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.) (مەتا ٧: ١٣، ١٤)

بۆیە پەروەردگار عیسا خەڵکی هان دا کە دەرگای تەسك هەڵبژێرن کەوا بەرەو ژیانی تاهەتایی دەڕوات. تێگەیشتی لەوی عیسا فەرمووی سەبارەت بە ڕێگای ڕزگاربوون؟ زۆر زۆر گرنگە! ئەو کەسە دەبێ چۆن بێت ئەگەر خودا ببینێ و لە حزووری خودا بژێ تاهەتا؟ عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟ بە کورتی، فەرمووی: (دەبێت دڵێکی پاك و تەواوت هەبێت!)

بەڵام چۆن نەوەیەکی ئادەم کەوا بە گوناه لەدایك بووە دڵێکی پاك و تەواوی هەبێ؟ هیچ شتێك هەیە کە بتوانێ بیکات دڵە خراپەکەی بگۆڕی بۆ ئەو دڵە پاکەی خودا داوای دەکات؟ نەخێر! مرۆڤ خۆی هیچ توانایەکی پاککردنەوەی دڵی خۆی نیە. ئێمەی گوناهبار ناتوانین هیچ شتێك بکەین خۆمان پاك بکەینەوە بەرامبەر خودا. بەڵام دەبینین کە ئەو شتەی مەحاڵە بۆ مرۆڤ مەحاڵ نیە بۆ خودا!

ئێستاش بابەردەوام بین لە خوێندنەوە لە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن فەرمانڕەوایەکی ئاینی لە قودسەوە هات بەناوی نیقۆدیمۆس
تاکو لەگەڵ عیسا قسەبکات بە شەو. عیسا پێی نیشان دا چۆن گوناهباران دەتوانن دڵێکی پاك و دیاری خودا لە ژیانی تاهەتایی
وەربگرن. لە بەشی سێیەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ٣) ١ پیاوێک لە فەریسییەکان
هەبوو بە ناوی نیقۆدیمۆس، یەکێک بوو لە ڕابەرانی جولەکە. ٢ بە شەو هاتە لای عیسا و پێی‌ووت: (ڕابی، دەزانین تۆ مامۆستایەکی
لەلای خوداوە هاتوویت، چونکە کەس ناتوانێت ئەو نیشانانە بکات کە تۆ دەیکەیت، ئەگەر خودای لەگەڵ نەبێت.) ٣ عیساش وەڵامی
دایەوە: (ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، ئەگەر یەکێک دووبارە لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت.)

٤ نیقۆدیمۆس پێی‌ووت: (مرۆڤ کە پیر بێت چۆن دەتوانێت لەدایک بێت؟ خۆ دیسان ناتوانێت بچێتەوە سکی دایکی و لەدایک
بێتەوە؟) ٥ عیسا وەڵامی دایەوە: (ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، ئەگەر یەکێک لە ئاو و لە ڕۆحی پیرۆز لەدایک نەبێت، ناتوانێت بچێتە ناو
شانشینی خودا. ٦ ئەوەی لە جەستە لەدایک بووە جەستەیە، ئەوەش لە ڕۆحەکە لەدایک بووە ڕۆحە. ٧ سەرسام مەبە کە پێم وتی:
(دەبێ دووبارە لەدایک ببنەوە.) ٨ با بۆ کوێی بووێت هەڵدەکات و گوێت لە دەنگەکەی دەبێت، بەڵام نازانیت لەکوێوە دێت و بۆ کوێ
دەچێت. هەر کەسێکیش لە ڕۆحەکە لەدایک بووە ئاوایە.)

٩ نیقۆدیمۆس وتی: (چۆن دەکرێ ئەمانە ڕووبدەن؟) ١٠ عیسا وەڵامی دایەوە: (تۆ مامۆستایەکی ئیسرائیلی و ئەمانەش نازانیت؟
١١ ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەوەی دەیزانین دەیڵێین و ئەوەی دەیبینین شایەتی بۆ دەدەین، ئێوەش شایەتیمان پەسەند ناکەن.
١٢ باسی شتە زەمینییەکانم بۆتان کرد و باوەڕ ناکەن، ئیتر چۆن باوەڕ دەکەن ئەگەر باسی شتە ئاسمانییەکانتان بۆ بکەم؟ ١٣ کەس
سەرنەکەوتووە بۆ ئاسمان جگە لەوەی لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە، کوڕی مرۆڤ. ١٤ وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە،
ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە، ١٥ تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەبێت. ١٦ چونکە خودا بەم جۆرە
جیهانی خۆش‌ویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەخت‌کرد، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی
هەبێت. ئامین.

با کەمێك بیر بکەینەوە لەوەی پەروەردگار عیسا بە نیقۆدیمۆسی ڕابەر فەرموو. عیسا چی بە نیقۆدیمۆس فەرموو دەبێت ڕوو بدات پێش ئەوەی بتوانێ ژیانی تاهەتایی هەبێت و مافی ژیان لەگەڵ خودا تاهەتا؟ فەرمووی، (ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، ئەگەر یەکێک لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت!) (یۆحەنا ٣: ٣) ئایا نیقۆدیمۆس زانی مانای دووبارە لەدایك بوون چیە؟ نەخێر! بۆیە عیسا پێی فەرموو، (تۆ مامۆستایەکی ئیسرائیلی و ئەمانەش نازانیت؟ ئەوەی لە جەستە لەدایک بووە جەستەیە، ئەوەش لە ڕۆحەکە لەدایک بووە ڕۆحە. ٧ سەرسام مەبە کە پێم وتی: (دەبێ لەدایک ببنەوە.) (یۆحەنا ٣: ١٠، ٦، ٧)

بەکورتی، عیسا بە نیقۆدیمۆسی دەفەرموو کە هەرکەسێك بیەوێ خودا ببینێ و لە حزووری پیرۆزی ئەودا بژی تاهەتا دەبێ دوو جار لەدایك بێت! ئەو مانای ئەوە نیە کە دەبێت دووبارە بچیەوە ناو سکی دایکت و دیسان لەدایك ببیەوە. دووبارە لەدایك بوونەوە مانای ئەوەیە کە ڕۆحی خودا دووبارە درووستت بکاتەوە، و دڵت بشوات و نوێت بکاتەوە بە هێزی خۆی. (تیتۆس ٣: ٥) دەبێت بەو هێزە لەدایك بیت کە لە ئاسمانەوە دێت، کەوا زۆر زۆر جیاوازە لەو شێوە دەرەکییەی ئایین. دەبێت لەناوەوە بگۆڕییت — لەناو دڵتەوە! هەر کەسێك نەوەی ئادەم بێت لەکەی گوناهی پێوەیە و ناتوانێ بەشێکی هەبێت لە شانشینی خودا. نەوەکانی ئادەم بێ توانان لەلابردنی ڕەگی گوناه کەوا لەناو دڵیان شین دەبێ. بۆیە کات بەسەر بردن لە کرداری ئاینی و کردەوەی چاك هەرگیز ناتوانێ دڵێکی

خراپ پاك بكاتەوە.  خودا خۆی مەگەر موعجیزەیەك بكات و دڵت نوێ بكاتەوە، لەبەر ئەوەی شتی فەوتاو ناتوانێ شتی نەفەوتاو بەجێ بێڵێ!  (١ کۆرنسۆس ١٥: ٥٠ بکە)  بە کورتی، (دەبێ لەدایک ببنەوە!)

ئەمە ئەو شتانە بوو کە عیسا فێری نیقۆدیمسی ڕابەری ئاینی کرد.  بەڵام تێگەیشتنی ئەوە لای نیقۆدیمۆس زەحمەت بوو.  بۆیە، پرسیاری لە عیسا کرد و ووتی: ئەمە چۆن دەبێت؟  چۆن دەتوانم دووبارە لەدایك ببمەوە و دڵێکی نوێ و پاك وەربگرم؟

عیساش وەڵامی دایەوە و فەرمووی، (وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەبێت.  چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەخت‌کرد، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت.)  (یۆحەنا ٣: ١٤–١٦)

بۆ ئەوەی نیشانی نیقۆدیمۆس بدات چۆن دەتوانێ ڕزگاری بێت لە دادوەری ئاگر و ژیانی تاهەتایی وەربگرێت، عیسا بە بیری هێناوە چی بەسەر باووباپیرانی هات لە دەشت و کێودا لە کاتی پێغەمبەر موسا.  وەك بینیمان لە تەورات، کاتێ کە گەلی ئیسرائیل دەستیان بە بۆڵەبۆڵ کرد دژ بە خودا و موسا، خودا ماری ژەهراوی ناردە ناویان بۆ ئەوەی پێوەیان بدات و زۆریان بگوژێت.  بەڵام لەپاش ئەوەی گەلی ئیسرائیل تۆبەیان کرد، خودا فەرمانی بە موسا دا مارێکی برۆنز درووست بکات و بەستونێکەوە هەڵواسێ، بۆ ئەوەی هەر کەسێك تەماشای بکات چاك ببێتەوە و نەمرێ.

بۆیە، عیسا بە نیقۆدیمۆسی دەووت کە وەك چۆن گەلی ئیسرائیل تەنها دەبوایە بە باوەڕەوە تەماشای مارە برۆنزەکە بکەن لەسەر ستونەکە و ڕزگاریان دەبێت لە مردن، بە هەمان شێوە نەوەکانی ئادەم تەنها دەبێت باوەڕ بێنن بەو چارەسەرییەی خودا بۆیانی دابین کردووە تاکو ڕزگاریان بکات لە سزای تاهەتایی.  هەموومان وەك گەلی ئیسرائیلین کەوا مار پێوەیانی دابوو.  شەیتان وەکو مارێکی ژەهراویە، گوناهیش وەکو ئەو ژەهەرەکە کە دەبێتە هۆی مەرگی مرۆڤ.  شەیتان گازی گرت لە سەرجەم کۆرپەکانی ئادەم و ژەهری گوناه وا دەکات بفەوتێین لە ئاگر تاهەتا ئەگەر خودا چارەسەرییەکمان پێ نەبەخشێ!  هیچ توانایەکی ڕزگارکردنی خۆمان نیە لە دادوەری خودا، لەبەر ئەوەی کرێی گوناه مردنە و دۆزەخە.  بەڵام ستایش بۆ پەروەردگار خودا — وەك چۆن چارەسەری دابین کرد بۆ گەلی ئیسرائیل لە ژەهری مارەکان — هەروەها چارەسەرییەکی دابین کردووە بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم لە ژەهری گوناه.

پلانی خودا دەزانی بۆ ئەوەی دڵەکانی نەوەی ئادەم، کەوا پڕە لە گوناه نوێ بکاتەوە؟  پەروەردگار عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟  فەرمووی کەوا ڕزگاری دەری پیرۆز دەبێت هەڵبگیرێ لەسەر ستونێك (واتا  خاچەکە) بۆ ئەوەی سزای گوناه بکێشێ لەباتی گوناهباران — (بۆ ئەوەی هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت.)

ئەی باشە، کێ دەکرێ ڕزگاری بێت؟  نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ؟  دەفەرموێ: (هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت...لەناو نەچێت !)  باوەڕ بە کێ بێنین؟  دەبێت باوەڕ بە ڕزگاری دەری پیرۆز بێنین کەوا خودا ناردی.  ئەی تۆ باوەڕت پێی هەیە؟  ئایا لەناو دڵی خۆت باوەڕت هەیە کە خودا، کەوا نایەوێ کەس لەناو بچێ، عیسای ڕزگاری دەری ناردۆتە زەوی لە پێناوی تۆ، تاکو لەباتی تۆ قەردی گوناه بداتەوە؟  چارەسەری ڕاستودرووستی خودا بۆ کێشەی گوناهەکانمان مردنی عیسایە لەسەر خاچ.  نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:  (عیسای مەسیح) (ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا.)  (٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١)

برادەران، خودا نەگۆڕاوە.  ئەوەی پەروەردگار عیسا بە نیقۆدیمۆسی فەرموو نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش، هێشتا بەردەوامە و بە تۆ دەڵێت: (دەبێ لەدایک ببنەوە !)  خودا دەیەوێ دڵت پاك بكاتەوە و نوێت بکاتەوە بە هێزی خۆی.  بەڵام دەبێت باوەڕ بە مزگێنی خۆشی بێنی.  دەبێت باوەڕ بە مەسیح بێنی کەوا ئەو ناردی.  دەبێت ‍باوەڕ بێنی کە عیسا، ئەوەی هەرگیز گوناهی ئەنجام نەداوە،

قەردی گوناهی تۆی دایەوە، تاکو بتوانیٚ لە حزووری خودا بژی تاهەتا. (ئەگەر یەکێک لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت...دەبیٚ لەدایک بینەوە!

بۆ دیراسەتی داهاتوومان بەردەوام دەبین لە ئینجیل و بخوێنین لەوەی پەروەردگار عیسا فەرمووی کاتیٚ لەگەلٚ ئافرەتێك قسەی کرد کەوا پێنج مێردی هەبوو.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتیٚ سەرنجی ئەوەی عیسای مەسیح فەرمووی دەدەیت، کاتیٚ ڕایگەیاند،

سەرسام مەبە کە پێم وتی: (دەبیٚ لەدایک بینەوە.) (یۆحەنا ٣: ٧) (خۆزگە دەخوازریٚ بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.) (مەتا ٥: ٨)



©

## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. تێگەیشتی لەوی عیسا فەرمووی سەبارەت بە ڕێگای ڕزگاربوون؟

٢. ئەو کەسە دەبێ چۆن بێت ئەگەر خودا ببینێ و لە حزووری خودا بژێ تاهەتا؟ عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟

٣. چۆن نەوەیەکی ئادەم کەوا بە گوناه لەدایك بووە دڵێکی پاك و تەواوی هەبێ؟

٤. هیچ شتێك هەیە کە بتوانێ بیکات دڵە خراپەکەی بگۆڕی بۆ ئەو دڵە پاکەی خودا داوای دەکات؟

٥. عیسا چی بە نیقۆدیمۆس فەرموو دەبێت ڕوو بدات پێش ئەوەی بتوانێ ژیانی تاهەتایی هەبێت و مافی ژیان لەگەڵ خودا تاهەتا؟

٦. ئایا نیقۆدیمۆس زانی مانای ***دووبارە لەدایك بوون چیە***؟ ئەمە چۆن دەبێت؟

٧. چۆن دەتوانیت دووبارە لەدایك ببتەوە و دڵێکی نوێ و پاك وەربگریت؟

٨. پلانی خودا دەزانی بۆ ئەوەی دڵەکانی نەوەی ئادەم، کەوا پڕە لە گوناه نوێ بکاتەوە؟

٩. کێ دەکرێ ڕزگاری بێت؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟

١٠. باوەڕ بە کێ بێنین؟ ئەی تۆ باوەڕت پێی هەیە؟

١١. ئایا لەناو دڵی خۆت باوەڕت هەیە کە خودا، کەوا نایەوێ کەس لەناو بچێ، عیسای ڕزگاری دەری ناردۆتە زەوی لە پێناوی تۆ، تاکو لەباتی تۆ قەردی گوناه بداتەوە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com    www.rrdk.org